# من پیاوی تۆم

لیۆنارد کۆهین
لە ئینگلیزییەوە: ئیحسان خەیات

تۆ ئەگەر دڵدارت دەوێ
هەر چیت دەوێ بۆت دەکەم
ئەگەر چەشنی تریشت دەوێ
خۆم بۆت دەمامک دەدەم
ئەگەریش هاوسەرت دەوێ
بگرە ئەوە دەستەکەم
یان دەتەوێ
لە ئانی تووڕەیی بە زەویمدا بدەی
من وا لێرە ڕاوەستاوم
من پیاوی تۆم

ئەگەر بۆکسێنەرت دەوێ
بۆت دەچمە نێو بازنەکەوە
ئەگەر دوکتۆریشت دەوێ
من ئینچ بە ئینچ دەتپشکنم
ئەگەر شۆفێریشت دەوێ
فەرموو وەرە سەرکەوە
یان دەتەوێ هەڵمگری
تۆ بێ گومان بە تینتری

ئای چەند گەشە ئەو مانگە
زنجیریش یەجگار توندە
دڕندەکەش ناچێت بنوێ
من هەڵاتووی ئەو بەڵێنانەم
بە تۆم داون و نەمپاراستوون
ئاخ بەڵام پیاو
هەرگیز ناتوانێ ژن بگێڕێتەوە
نە بە پاڕانەوە لە سەر چۆکان و
نە بە گاگۆڵە وەک منداڵی ساوا
ئەگینا خۆم دەخەمە بەر پێیانت

لەبەر جوانیت وەکو سەگ دەلوورێنم
پێت دەڵێم تکایە
من پیاوی تۆم



ئەگەر دەچی بۆ نووستن
بۆ چرکەیەک لەسەر ڕێگا
من ئاراستەت دەکەم
ئەگەر ویستت بە تەنیا لە شەقام بی
خۆم لەبەر تۆ ون دەکەم
ئەگەر ویستت بۆ چرکەیەک لە گەڵمدا
پیاسە بکەین بە نێو لمدا
من پیاوی تۆم

ئەگەر دڵدارێکت دەوێ
هەر چیت دەوێ بۆتی دەکەم
ئەگەر چەشنی تریشت دەوێ
خۆم بۆت دەمامک دەدەم

**لیۆنارد کۆهین:**

**ڕۆماننووس و شاعیر و گۆرانیبێژ لیۆنارد کۆهین لە شاری مۆنتریال لە هەرێمی کیوبیک لە کەنەدا لە خێزانێکی جوولەکە لە ساڵی ١٩٣٤ لە دایک بووە.**

**یەکێک لە کتێبەکانی شیعری خۆی بە ناوی (با میتۆلۆژییەکان بەراورد بکەین Let Us Compare Methologies) لە ساڵی ١٩٥٥ بڵاوکردەوە و ئەوەی تریشیان ڕۆمانە بە ناوی (یارییە خۆشەکە The Favourite Game) لە ساڵی ١٩٣٦ بە چاپی گەیاند.**

**بەرهەمەکانی هەمیشە تێگەیشتنی خۆیەتی دەربارەی ئایین و ژیانی سێکسی و پێوەندییەکانی کەسایەتی.**

**یەکێک لە ناودارترین هەڵبەست و گۆرانییەکانی کە بە دەنگی دەیان کۆراڵ و هونەرمەندانی ناودار تۆمار کراوە، گۆرانی (هالولویا Hal-lelujah)یە. کۆهین ژمارەیەکی زۆر پاداشتی وەرگرتووە.**

**سەرچاوە:**

**کتێبی "گولبژیرەک ژ هەلبەستا ئینگلیزی"، هەڵبژارتن و وەرگێڕان: شەماڵ ئاکرەیی.**

**تێبینی:**

**١- بۆ وەرگێڕانی شیعرەکە پشت بە دەقە ئینگلیزییەکە بەستراوە کە لە لاپەڕە (٢٢٦ - ٢٢٧) بڵاوکراوەتەوە.**

**٢- سەبارەت بە ژیانی شاعیر، پوختەیەک لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو ل ٢٢١ - ٢٢٢، کراوەتە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست.**

**«وەرگێڕ»**